# ئەوساڵەی بەپێشمەرگە وەرنەگیراین



عارف حەمەوەیس کەریم

ئەو سەردەمە بیری نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی زۆر تاوی سەند بوو لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دا و بەتایبەت لەناو توێژی خوێندکاران و گەنجاندا ئەڵبەتە شۆڕشی نوێش بە رابەرایەتی (ی.ن.ك) دەوری سەرەکی هەبوو لەو تاوسەندنانەدا ئێمەش وەك ژمارەیەك گەنج و خوێندکاری گوندەکەی خۆمان گوندی سوسێی سەیدانی ناوچەی سورداش . بەدەر نەبووین لەو حاڵەتە من و شەماڵ حامیدی هاوڕێم خوێندکاری پۆلی یەکەمی ئامادەیی پیشەسازی بەکرەجۆ بوین. شێوە حوکم و رفتاری فاشیانەی حیزبی بەعپ لە مێژووی دەسەڵاتی خۆیدا هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی شێواند بوو . ژیان و مانەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمەدا بۆ گەنجانێکی خوێن گەرمی وەك ئێمەومانان لەو سەردەمەدا هیچ بەهاو مانایەکی نەبوو چ جای خوێندن بۆیە لەیەکەم هەوڵماندا ڕومان کردە گوندی گەورە دێی نزیك چەمی ڕەزان من و شەماڵ و کوڕێکی ئامۆزام بوین لەو سەفەرەیاندا . بە چوار پێنج کات ژمێر بە پیادە گەیشتین .گەورە دێ گوندێکی شاخاوی و هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لەبار بوو بۆ ئەو سەردەمەی پێشمەرگە. پێشمەرگە زیاتر ئەو شوێنانەی دەگرتەوە. ئێمەش بە ئەو نیازە رومان کردە گوندی گەورە دێ تا لە ئەوێ تۆشیان بین و لە

گەڵیاندا بڕۆین . ئێمە کێشەی مانەوەو حەوانەوەشمان نەبوو لەو گوندە چونکە زۆریان بۆ ئێمە خزم و ناسیاوو بوون.

کاتێ گەیشتینە ناو دێ و لەیەکەم دیدارماندا تووشی مەفرەزەیەکی برادەرانی حیزبی شیوعی بوین. زۆر خۆشحاڵ و شادمان بوین بە دیتنتان و دیمەنی جوانی پێشمەرگانەیان . ئەوەی لە یادمە چەکێکی حەفارۆفیان پێ بوو لە شێوەی بیکەیسی دایە هەر فیشەکی بیکەیسیش دەخوا. بەڵام ئەو مەخزەنێکی پانی لەسەر بوو لە شێوەی (سینی) چا. لەسەرەوە لێی ئەبەسترا بە پێچەوانەی مەخزەنی کلاشینکۆف و هەندێ چەکی دیکەوە. زۆر بەلای ئێمەوە سەرنج ڕاکێش بوو. چونکە بە چەکێکی کاری گەرمان دەزانی بەرامبەر بە دوژمن. کاتێکی خۆش و ئاسودەمان لەگەڵدا بەسەر بردن دور لەسانسۆرو چاوی دوژمن. ئەڵبەتە ئێمە دەمان ویست لەناو ڕیزەکانی (ی.ن.ك) دا ببینە (پ.م) بۆیە لای ئەوان ووتمان بەسەردان هاتوین. شەو لەو ماڵە خزمانەماینەوە بە ئومێدی ئەوەی شوێن پێی مەفرەزەکانی (ی.ن.ك) هەڵگرین و بیان بینین. بۆ بەیانیەکەشی بەو گوندانەی دەوروبەردا شۆڕبوینەوەو بەچاوی مشتەری ئەمان ڕوانی تووشی کەس نەبوین. بەناچاری گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە چاك ماندوبوبوین. ئەو کوڕەی مامم ئەوە دوا سەفەری بوو لەگەڵماندا چی تر نەبۆوە بەهاوسەفەرمان. پاش ماوەیەکی ترو چاوەڕوانی و گوێ هەڵخستن من و شەماڵ بەڕێکەوتینەوە بۆ گوندی گەورە دێ . ئەو جارەش تووشی مەفرەزەکانی یەکێتی نەبوین. ووتیان وەڵا پێش ئێوە برادەرانی ئیسلامی لێرە بون. نەك ئەم ئیسلامیانەی ئێستا. جەماعەتی خالە شێخ قادرو ئەوان, ئەو جارەش ناچار گەڕاینەوە. پاش ماوەیەکی تر بیرمان کردەوە کە بچین بۆ ماڵی شەهید مەلا عەلی کۆکە, ووتمان بەڵکو ئەوان ڕێگەمان نیشان بدەن و چارەیەکمان بکەن چونکە کاك کەریمی برای شەهید مەلا علی هاوتەمەن و هەم بەهۆی خوێندن و نزیکی سوسێ و کۆکە لەیەکەوە یەکتر ناسین و هەماهەنگی یەك لە نێوانماندا هەبوو . کاك ئەحمەد مەولوودی براشیان ئەو سەردەمە کادرو پێشمەرگە بوو. یادیان بەخێر. ئەوە بوو بەڕێکەوتین بۆ گوندی کۆکە بەڵام ئەم جارەیان بوینە چوار کەس. دوو هاوڕێ و دوو خۆشەویستی تری گوندەکەمانە بونە هاوڕێو هاوبیرو هاوسەفەری هەمیشەیمان. ئەوانیش کاکە ڕۆستەم و حەمە شوکربون یادیان بەخێر . لە دەمەو ئێوارەیەکدا خۆمان گەیاندە ماڵی شەهید مەلا عەلی . ئای چەند خۆمان بەگەورەو شادمان ئەزانی کەوا میوانی ماڵێکین کە هەم خاوەنی شەهید و هەم خاوەنی پێشمەرگەن. شەهید مەلا عەلی کادرو شاعیر کێ هەبوونەی ناسێ و ناوی نەبیستبێ لە ناوچەکەدا. ڕاستە شەهید مەلا عەلی شەهید بوبو بەڵام کاك ئەحمەد مەولودی برای سەنگەرو جێگەکەی ئەوی پڕ کردبۆوەو درێژەی بەخەبات ئەدا . دەبوو هەروا بێ چونکە دوانەی یەك سك بوون یەك (جمك)بون. ئەو شەوەشمان ڕۆژ کردەوە لە خزمەت دایك و باوکێکی جگەر سووتاوو شۆڕش گێڕدا . زۆر

بە ئازادانەش بە پێی ئەقڵی ئەو سەردەمەمان دەممان لە سیاسەت ئەكوتاو باسی شۆڕش و پێشمەرگایەتیمان ئەكرد. كەش و هەوای ئەو شەوە زۆر بەدڵی ئێمە بوو كاك كەریمیش لاوێكی وریاو قسە زان بوو هەموو بەدڵی یەك ئەدواین و گفتوگۆمان ئەكرد. لە فەزایەكی هێندە ئازادو سەربەخۆدا قسەمان دەكرد رۆحمان تەواو تێكەڵاوی خەیاڵات و شۆڕش و ئازادی خوازان بو بو وامان دەزانی لە سەركردایەتی شۆڕش دانیشتوین و لە هیچمان كەم نییە. بەهەقەت لەو رۆژەدا و لەو شەوەدا ئەو ماڵە بۆ ئێمە وەك سەركردایەتی وابوو. هەر چەندە بەداخەوە لەوێش نەگەیشتینە ئەو ئامانجەی كەوا بە دوایدا دەگەڕاین. چونكە ئەوانیش دڵنیا نەبون لە شوێن و پێی پێشمەرگە و شوێن و جێگەیان. چونكە سیاسەتی ئەو رۆژەو جەنگی پارتی زانی وای دەخواست كەوابێ. ووتەیەكی جوانی شۆڕش گێڕانی ئازادی خوازو پارتی زانەكان هەیە كە دەڵێ. پارتی زان ئەو كەسەیە كە لە هەموو شوێنێك هەیەو وە لە هیچ شوێنێكیش نییە. پێشمەرگەی ئەو سەردەمەش ئاوا بوو. دواجار لە سەرەتای مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا 1981, هەر چوارمان بڕیارمان دا بەڕێكەوتین بۆ ناوزەنگ بۆ سەركردایەتی شۆڕش. لە سلێمانی سواری پاس بوین و بەرێ كەوتین بۆ قەڵادزێ بە هۆی ماڵی خوێندكارێكی هاوڕێمەوە كە ماڵیان لە قەڵادزێ بوو. رێ نوێنی كراین و ووتیان دەبێ بچن بۆ ئۆردوگای بەستەسێن. شەوانە لەوێ وە خەڵك و كاروانی قاچاخچیان بەرێ دەكەون بۆ دیوی ئێران و ناوچەی سەركردایەتی هیچ خەمتان نەبێ رێگەی هاتووچۆ لەوێوە كراوەیە. ئێمەش دەمەو عەسر بەرێ كەوتین بۆ ئۆردوگای بەستەسێن. هەر لە دوای عەسرێكی درەنگە وەدەمانبینی ئەو خەڵكە جموجوڵی تێكەوت. وڵاخیان ئالیك ئەداو باریان رێكئەخست. ماڵ نەبوو یەك دوو وڵاخە بەرزە لەبەردەمی ماڵەكەیدا نەبسترابێتەوە. ئەوە بێجگە لە مەیدانی بازاڕەكە كە ئەو هەموو وڵاخەی لێ بوو. لەوێش كە وەزعەكەمان بینی و پرسیارمان كرد كە رێگە چۆنەو چۆن نییە, ووتیان كاكە بە دوای رێچكەی كاروانەكە بكەون و هەقتان نەبێت. هەر لەگەڵ تاریك و ڕونی ئێوارەدا بەسەدان وڵاخ و باری ئامادەكراو لە هەموو لایەكەوەخڕ بونەوەو بەڕێكەوتن. وەك ڕۆژی حەشر وابوو گەردەلول و تەپ و تۆزی ژێر پێی وڵاخەكان بەری ئاسمانی گرتبوو كەس لە كەس دیار نەبوو. كوڕ ئەو كوڕە بوو لەگەڵ غار غارێن و چوار نالەی وڵاخەكاندا دەرچێت و بەجێ نەمێنێت. وڵاخ دارەكان لە پێ دەشتەكاندا لەسەر بارەكەوە سوار دەبون و قامچیان لە ئەسپ و وڵاخەكانیان ئەدا وەك با بۆی دەرئەچون.

ئێمەش دەبوو هەتا لە تواناماندایە بۆی دەرچین و ڕاكەین بە دوایاندا. بۆ ئەوەی لێیان دانەبڕین و جێ نەمێنین یەك دوو هۆكاری گرنگ هەبوو كە وای كرد ئێمە دانەبڕێین و جێ نەمێنین لە كاروانەكە یەكەم: كاروانەكە هێندە زۆرو دوورو درێژ بوو وا بە ئاسانی لەبەرچاوان ون نەئەبوو وە نەئەپسایەوە .

دووەم: چەند وڵاخ دار لە ئەم دیوەوە ئەچوو بۆ ئەو

ديوو ئەوەندەش لە ئەو ديوەوە ئەهاتەوە بەم ديودا بوبو بە دوو سايد.

سێيەم: ناو بەناو لە هەندێ شوێنی هەستياردا کە خۆيان شارەزا بوون بە تايبەت لەسەر سنور هەڵوێستەيان ئەکردو ئەوەستان و هەستيان وەر ئەگرت لە ترسی کەمينی سوپای عێراق. لە هەورازەکانيش دەبوو خاوی بکەنەوەو هێواش بڕۆن ناچاربون ئەو کاتەنە ئێمە پشويەکمان ئەداو هەناسەيەکمان هەڵدەمژی. من لەيەك دوانێکم پرسی کەخەڵکی شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران بون ووتم بارەکانتان چييە؟ لە وەڵامدا ئەيان ووت(ويسکی)يە. زۆربەی بارەکانيان خواردنەوە بوو. مەشروبات , دەمەو ئێوارە پێش ئەوەی دەربچين و کاروان بکەوێتە ڕێ دوو کوڕی گەنج لای بازاڕەکەو مەيدانەکە بونە هاوڕێمان خەڵکی شاری مهابات بون. دەگەڕانەوە بۆ ئێران ئەوانيش وەك ئێمە وابون پيادە بون . هەر کە لەبەستەسێن دەرچووين ئێستا ئەوەندە نەرۆيشتبووين بەناو گوندێکدا تێپەڕيين کابرايەك کە ماڵيان لەسەر ڕێگەکەماندا بوو بە دەمانچەيەکەوە هاتە سەر ڕێگەکەمان و پێشی پێگرتين و ويستی لە کاروانەکە دامان بڕێ.

لە پێشدا بە زمانێکی توند ووتی ئاوەرن بزانم بۆ کوێ دەچن وای زانی هەر نەفەرێك دوو نەفەرين چونکە ئێمە بەرەو دوای يەك ڕامان ئەکرد لە دوای کاروانەکەوە کاتێ هەر شەشمان خڕبويينەوە لێی کابرا کەمێ پاشە کشەی کردو دورکەوتەوە لێمان ئينجا بە زمانێکی نەرم ووتی کاکە بۆ کوێ دەچن و بۆ ڕاکەڕاك دوای ئەم قاچاخ چييە بێ ويژدانانە کەوتون ئەتان فەوتێنن بەخوا من خەمی ئێوەمە وەدەرناچن لەگەڵياندا پياوی چاك بن بگەڕێنەوە بانەفەوتێن. ئێمەش هەموو لێی هاتينە دەنگ ووتمان تۆ چ کارەيت و هەقی ئێمەت چييە ئەفەوتێن يا نافەوتێت کەی کێشەی تۆيە. ئيتر زانی هيچی پێ ناکرێ لە گەڵماندا ووتی کاکە کەيفی خۆتانە خوا حافيزتان بێت. چونکە ئێمە بەڕاست خۆمان حازر کرد بوو کە پەلاماری بدەين ئەگەر زۆر لەسەری برۆيشتايا. ئيتر نازانين ئەم کابرايە بە ڕاست پەرۆشی ئێمەی بوو . يا پەرۆشی گيرفانمان و کەوڵەکانمان بوو کەبی فرۆشێت. ئيتر خۆی و خوای خۆی. هەر چۆنێ بوو زۆر بەناڕەحەتی و هيلاك بونێکی زۆر کەباس ناکرێت گەيشتينە ناو زەنگ و سەرکردايەتی. يەکەم ئێوارەمان لەناو زەنگ بوينە ميوانی مقەڕێك پێم وايە مقەڕی برادەرانی ئيزگە بوو چونکە ئالێرو وايەرو ئەنتێنی راديۆکە نزيك بوو لە مقەڕەکەوە. ئێوارەش شۆربای تەماتەيان هەبوو بنە گونيەيەك وردە نانی ڕەقيشيان هەڵرشت لەسەر سفرەکە نانی تيری بۆتێ گوشينی ئەو شەوە لەوێ نوستين. بەيانيەکەی نان و ماستێکی زۆر جوانيان هەبوو ماستێکی پەنيری بەنانی نانەواوە. برادەرێك چای تێ دەکرد چايەکە لە تەرمۆزەيەکی گەورەدا بوو ئەوەی کە لەسەرەوە دەستی پيا ئەنێی و چايەکە خۆی دێتە دەرەوە. هەر يەکەو پەرداخێك چاو ماستی بۆتێ کرا بەلام نانەکە کەم بوو يەکی يەك نانی بچووك بوو ئەو چاو ماستە بەشی ئەوەی ئەکرد

کە سێ چوار نانی لەو نانەی پێوە بخۆی ئێمەش هیلاکی ڕێگەو بان و هەم برسیش بووین بەلای کەمەوە چوار پێنج نانی ئاوامان ئەخوارد ئەگەر هەبوایا. من کاتێ نانەکەی خۆم کرد بەیەك دوو پارو چاوڕێی ئەوەم دەکرد یەکێ قەراغە نانێك فڕێ بداتە سەر سفرەکە نەبوو، بڕواتان بێ ئەو سفرەیە چۆن ڕاخرا بوو ئاوا هەڵگیرایەوە وە پاك کردنەوەی نەویست. ئێمە دوایی گیانێکمان بە بازاڕو فرۆشگاکەی قاسمە ڕەش بوو کە زۆربەی کات لەوێ نانمان ئەخوارد لەسەر گیرفانی خۆمان . هەموو جۆرە کەلوپەل و خواردنێکی لێبوو. هەر چوارمان پارەکانمان تێکەڵاو کردو یەك مەسرەفمان ئەکرد هەبوو زیاترمان پێ بوو هەبوو کەمتر بەڵام هەموومان کردە یەك باخەڵ. نزیکەی (160) سەدو شەست دیناری ئەو کاتەمان پێ بوو ئیتر یا زیاتر بوو یا کەمتر هەموو پارەکەمان ئەوەندە بوو بەهی هەر چوارمان. ئێمە لە ناو زەنگ پێیان ووتین کە دەبێ بچین بۆ لای کاك ئاسۆ ئەو بڕیار ئەدا کەوەرمان بگرن یان وەرمان نەگرن. مقەڕەکەی کاك ئاسۆ نزیك بوو لەو شوێنەوە کە شەو لێیماینەوە. مقەڕی کاك ئاسۆی شێخ نوری بوو ئەو سەردەمەش بەرپرسێکی دیاری ناو سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و کۆمەڵە بوو. مقەڕەکەی بریتی بوو لە هۆدەو هەیوانێکی زۆر بچوك لە ژوری تاکە کەسی دەچوو( ئینفرادی) هەر خۆشی بە تەنها بوو پێم وایە . لەو مقەڕەدا. مقەڕەکەی لەبەردو قوڕ دروست کرا بوو دیوارو بنمیچەکەشی نایلۆنێکی گوڵداری سادەی پیادا کوترا بوو خەڵکی زۆربەی لەو

سەردەمەشدا بۆ سفرەش بەکاریان دەهێنا، تاقێکیشی لە ژورەکەیدا هەبوو کۆمەڵێ کتێب و بڵاوکراوەی تیا بوو لەگەڵ کلاشینکۆفێکی مزەلیدا، کاتێ چوینە لای و دوای چاك و خۆشی و بەخێر هاتن. نێتی خۆمان بۆ باس کرد کە بۆچی هاتوین و چۆن هاتوین. یەکەم پرسیاری ئیش و کاری لێ کردین ووتی ئیشتان چییە ئێمە ووتمان خوێندکارین . حەمە شوکریش ووتی من کرێکارم چونکە ئەو سەردەمە ئیشی تەختە بەستنی ئەکرد لەگەڵ براکانیدا کاك ئاسۆ سەیرێکی وردی ئەوی کردو ووتی وەڵا ئەم شۆڕشە شۆڕشی تۆیە. ووتی ئەی باشە ئەتانەوێ‌لە کام ڕێکخراودا بن ووتمان یەکێتی. ووتی ئاخر (ی.ن.ك) لە سێ ڕێکخراو لە سێ باڵ پێك هاتووە ئەوە بزوتنەوەیە کۆمەڵەیە خەتی گشتییە من هەڵمدایە وتم کاك ئاسۆ کامیان لە هەمویان باشترە. ووتی هەمویان باشن ئەبێ خۆتان بگەنە قەناعەت و ئەو بڕوایەی کەکامیان هەڵدەبژێرن و کاری تێدا کەن لەناو چوار چێوەی (ی.ن.ك)دا من و ڕۆستەم و حەمە شوکریش ئەوە یەکەم جارمان بوو کە لە دەمی کاك ئاسۆوە بیبیستین کەوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو سێ ڕێکخراوە پێك هاتووە چونکە ئێمە تا ئەو کاتەش هەردەمان زانی بڵێین(ی.ن.ك) .و بەس . بەڵام نازانم شەماڵ پێشتر پەیوەندی بە بزوتنەوەوە کردبوو یان نا. چونکە ئەو دواتر وەك کادرێکی شۆڕش گێڕان ناسراو دەرکەوت.

من نای شارمەوە ئەگەر لەو ساتە وەختەدا فۆرمیان دابایا پێمان و بیان ووتایا یەکێك لەم سێ ڕێکخراوە

هەڵبژێرن بە ئارەزوی خۆتان و ببنە ڕێکخستن (تنظیم) من بێ سێ و دوو خەتی گشتیم هەڵبژارد. چونکە لە دڵی خۆمدا وام لێك ئەدایەوە ئەم ووت خەتی گشتی مانای وایە ئەمە بۆ هەموو کەسێکە واتە هەموو کەسێکی پیا ئەڕوات ئەبێ منیش پێیدا بڕۆم وترسی ناوێ دوو دڵی و ڕاڕایی ناوێ , هەرچەندە دواتر ڕۆستەم و حەمە شوکرو منیش خۆمان لە ناو کۆمەڵەدا دۆزیەوە کۆمەڵە بووە خۆشەویسترین ڕێکخراو لەلامان . هەر چەندە کاك ئاسۆ خۆی یەکێك بوو لەکەسە دیارەکانی ناو کۆمەڵە بەڵام بەلای کۆمەڵەدا دای نەشکاند کاتێ من پێم ووت کاك ئاسۆ لەو سێ باڵە کامیان لە هەموویان باشترە. لە وەڵامدا ووتی هەرسێکیان باشەو دەبێ خۆتان بگەنە قەناعەت تا کامە ڕێکخراو هەڵبژێرن. نەی وت ببنە کۆمەڵە. ئەوە بوو دروستی و ڕەوایی ناو سەرکردایەتی (ی.ن.ك). بۆیە توانی بگاتە لوتکەو ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ. خۆزگە ئەمڕۆش وەك دوێنێ وادەبوو کەسمان ناشرین نەکردایا هەموو کارێکمان بە قەناعەتەوە بکردایا. نەك لە بەر بەرژەوەندی و بەرژەوەند کاری. بەڵێ دوای ئەوەی وتووێژێکی زۆرمان کرد لەگەڵ کاك ئاسۆدا. ووتی ئێوە دەبێ بگەڕێنەوە پێش هەموو شتێك دەبێ خوێندن تەواو بکەن ئینجا ڕێکخستن باشتر بناسن و خەڵك ڕێکبخەن. چونکە ئێمە لە خوارەوە زیاتر پێویستمان بە ئێوە دەبێ لە ناو جەماوەردا بن باشترە نەك لێرە ئێوە جارێ منداڵن دڵنیا بن هەر فریای پێشمەرگایەتی ئەکەون ئەوە وابزانن کە لە ئێستاوە پێشمەرگەن و بۆتان حسابە . ووتمان کاك ئاسۆ دەزانێ ئێمە بە چ حاڵەتێك و ڕەزالەتێك گەیشتوینەتە ئێرە چۆن بڕۆینەوە؟ ناڕۆینەوە . ووتی دەزانم بەڵام من بەرژەوەندی ئێوەم دەوێ دڵنیا بن بەرژەوەندی خۆشتان و شۆڕش و گەلەکەشمان لەوەدایەکە خوێندن تەواو بکەن جارێ ماوتانە پێ بگەن و تێ بگەن هەر ئێمە پێمان دائەگرت و ئەمان وت ناڕۆینەوەو ئەمانەوێ ببینە (پ.م) کاك ئاسۆش دەی ووت موستەحیلە لە ئەم ڕۆدا بتانکەینە پێشمەرگە جارێ ماوتانە و هەر دەبێ بگەڕێنەوە. دیارە کاك ئاسۆ سوور بوو لەسەر قسەکانی خۆی , بۆیە بە دڵی شکاوەوە هەستاین و لەلای و خوا حافیزیمان لێکردو چوین بۆ قاسمە ڕەش. ئێمە وامان دەزانی کاك ئاسۆ غەدرمان لێدەکات, ئەمان دەزانی چ دەگوزەرێ بۆچونەکانی لە جێگەی خۆیدا بوو بەڵام ئێمە بە پەلە بوین. دیارە ئەگەر شۆڕش و ڕێکخستنەکانی ئاوا بە تۆکمەیی نەگیریا هەر زوو هەرەسی دەهێناو ئەپوکایەوە ئاوا نەئەگەیشتە هەرەمی لوتکەو دەسەڵات, قارەمانێکی وەك مامە ڕیشە کاتی خۆی چەندین جار هەوڵی داوە تا بە (پ.م) وەرگیراوە. ئەو سەردەمە پێشمەرگایەتی شەرەفێکی زۆر گەورە بوو گەر بەبالای هەر کەسێکدا ببڕایا. چوار پێنج ڕۆژ لە قاسمە ڕەش ماینەوە چاوەڕێی ئەوە بوین دەروازەیەکمان بەسەردا بگرێتەوە . مقەڕێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە قاسمە ڕەش بوو لە خێمەیەکدا بوون بنکەی گومرگیان بوو لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێگەکەدجا بوو یەك دوو جار لامان

دایە لایان ئاوا دەمە تەقێمان لەگەڵدا ئەكردن دەنگو باسی حیزبیشمان تا ڕادەیەك دەزانی شاری بۆكان ئەو سەردەمە بەدەست حیزبەوە بوو ناوچەیەكی زۆری ئازاد كراو لەدەست حیزبەكانی كوردستانی ئێراندا بوو، كاتێ ئێمەش بێ هیوا بوین كەوا نامانكەن بە پ.م . نەتەوەیی بیرمان دەكردەوە ووتمان پێشمەرگایەتی هەر پێشمەرگایەتی یە جا لە هەر پارچەیەكی كوردستاندا بێت گرنگ نییە. بەڕێ كەوتین بۆ ناو گوندەكانی كوردستانی ئێران چوینە گوندی (واوان)ی ناوچەی سەردەشت و نەڵاس . لە واوان مقەرێكی گەورەی حیزبی دیموكراتی لێ بوو، پرسیارمان كرد بەرپرسی ئەو بارەگایە ناوی موهەندیس سەرگورد ئاریان بوو. لە بینایەكی گەورەدا بون لە قوتابخانە دەچوو چوینە ژوورەوە و ویستمان بچین بۆ لای و خۆمانی پێ بناسێنین پاسەوانی بەردەرگاكەی پیاوێكی لە تەمەندا بوو كوردی شكاك بوو دوو قەد فیشەكی بڕنەوی لە خۆی دابوو خراپ لەیەكتری حاڵی دەبوین ئێمە دەمان ووت دەچین بۆ لای ئەو دەی وت بەخودێ نابێت مەجال نییە. هەر ئەی وت نابێ و كۆبونەوەی هەیەو كاتی نیە نزیكەی كات ژمێرێ چاوەڕێمان كرد ئێستاش نەی هێشت بچینە ژوورەوە بەناچاری هاتینە دەرەوە چوین لە چایخانەكە هەندێ شتمان خواردو پشویەكمان دا. چایچیەكەی ووتی بۆ پێشمەرگایەتی هاتوون وتمان بەڵێ ووتی خەمتان نەبێ ئەتان نێرم بۆ لای كابرایەك پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ دكتۆر عبدالحمان قاسملۆدا هەیە یادی بەخێر . ووتی دكتۆر هامشۆی دەكا بۆ ماڵەوە، پیاوێكی زۆر باشە ناوی مام خدره خدری بایزی ئامان ماڵیشیان لێرەوە نزیكە ئالەو گوندەیە گوندی پاش بەرد ئاوایە كات ژمێرێك نیو كات ژمێر دەچن . هەر دوای ئەو قسە و باسە لە خۆشیا یەكسەر هەستاین و بەڕێ كەوتین بۆ گوندی پاشە بەرد كە چوین مام خدر خەریكی كاكێشان بوو لەگەڵ منداڵەكانیدا پیاوێكی زەحمەت كێش و ڕۆح سوك بوو. سەرو گوێلاكی هەمووی كاو كۆت بوو تا دەم و چاوی شۆری و هاتە ژوورەوە بۆ لامان ئێمە سەیری كۆمەڵێ وێنەمان كرد كە لە ژوورەكەدا هاڵواسرا بون زۆربەیان وێنەی مام خدرو دكتۆر قاسملۆ بوون كوڕێكی مێرد منداڵی لە ژوورەوە بوو لەگەڵماندا ئێمە پرسیارمان لێ دەكرد لەسەر وێنەكان ئەویش وەڵامی ئەدایەوەو وێنەكانی پێ ئەناسێنین من ووتم ئایا جەنابی دكتۆر قاسملۆ هیچ جار هاتووە بۆ ماڵتان ووتی بەڵێ ئەم جەژنەش هات بۆ ماڵمان. مام خدریش هاتە ژوورەوە بۆ لامان پیاوێكی زۆر ڕوخۆش و میوان دۆست بوو حیزبیەكی كامڵ و كارامەش بوو، نێتی خۆمان بۆ بەیان كرد كە بۆچی هاتوین وتی یاخوا بەخێر بێن. بەڵام بەخوا دەبێ ببورن تازە بڕیاری كۆنگرەی حیزب بڕیار دراوە كەچی تر نابێ كوردی عێراق لەناو حیزبدا بە (پ.م) وەربگرێت. ئەویش لەبەر هەندێ كرداری نابەجێی ئەو كوردانە ئەو بڕیارە دەرچووە. ووتمان ئەی چارمان چییە ووتی لە ماڵی مامی خۆتان بمێننەوە دەتان خەمە سەرچاوم هەتا ئێوە بە من ڕازی بن وەك كوڕە كانی خۆم خزمەتتان دەكەم

وتمان دەستت ماچ دەكەین و زۆر سوپاست دەكەین . یادی ئەو پیاوە بەڕێزەش بەرزو بەخێر بێت نازانم لە ژیاندا ماوە یان نا .

ووتی ئەی باشە كاكە بۆ لای خۆتان نابنە (پ.م). خۆتان ئەو هەموو حیزبەتان هەیە؟ ئێمەش ووتمان بۆ ئێمە هیچ جیاوازیەكی نییە لێرە ببینە(پ.م) یان لای خۆمان هەر یەك شتە لای ئێمە. بەڕاستی لە ناخی دڵیشەوە هەر ئەوە بڕوامان بوو, ئەوەی ڕاستی بێت حەزمان ئەكرد لە دەسەڵات و چاویماڵەوەشمان دوور بین. نەبادا كەسوكارمان فشارمان بۆ بێنین و ناچارمان كەن واز لە پێشمەرگایەتی بهێنین لە فەرزێكدا ئەگەر بوینە (پ.م) چونكە زەبرو زەنگی فاشیانەی حیزبی بەعس لەبەرامبەر هێزە سیاسیەكان و كەس وكاری پێشمەرگەدا هێندە دزێووكاری گەر بوو كەم و كەسی خۆی لەبەردا دەگرت. ناهەقیان نا ئەبوو گەر بترسێن و نەیەڵن ببینە(پ.م) ئێمە ئەو حسابەشمان كرد بوو بۆ ئەوەی دەستی كەسوكارمان نەگاتێ تاماوەیەك و تا خۆیان لەگەڵ ئیش و ئازارەكاندا ڕادێن. بەلام واش پێشمەرگایەتی لەوسەردەمەدا بۆ ئێمە بوو بەخەون و نەهاتەدی. ماڵئاوایمان لەمام خدر كردو هاتینەوە بۆ واوان. دووسێ ڕۆژیش لەو ناوە ماینەوە لەناو پێشمەرگەكانی حیزبی دیموكرات و خەڵكی ناوچەكەدا , سەردەشت لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئێراندا بوو. پاس لە واوانەوە نەفەری بار ئەكردو ئەڕۆی بۆ سەردەشت. ووتم كورینە بۆ نەڕۆین بۆ سەردەشت خۆمان تەحویلی جمهوری ئیسلامی ئێران

بكەین. خۆ كەس وەرمان ناگرێت بە (پ.م). دەچین دەبین بە پەنا هەندە. گرنگ ئەوەیە نەگەڕێینەوە بۆ ژێر دەسەلاتی حیزبی بەعس و بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێینەوە. چوینە لای پاسەكان و خەریك بوو سواریش بین پاسەكە لە یەك دوو نەفەری وەك ئێمەی كەم بوو هاواری ئەكرد یاڵە سەر دەشت. سەردەشت. ڕۆستەم لەگەڵ ڕەئی مندا بوو بەلام حەمە شكورو شەماڵ لێكدانەوەی جیا جیا یان هەبوو ئەیان ووت ناكرێ خۆمان بدەینە دەست قەدەرێكی نادیار . خوا دەزانێ چیمان لێ دەكەن و چیمان لێ بەسەردێ با نەچین. , ئێمەش وتمان باشە ئەوە ناچین گەڕاینەوە بۆ قاسمە ڕەش دوو سێ ڕۆژی دیكە لەو ناوە ماینەوە. ئیتر پرسیاری گەڕانەوەمان كرد ووتیان دەبێ بچینە گوندی سونێ لەوێ وە لەگەڵ كاروان چیدا بگەڕێنەوە ئیتر عەسرێك لە قاسمە ڕەشەوە بە ڕێكەوتین بۆ گوندی سونێ دەمەو ئێوارە هەندێ كاروان چی گرد بونەوە ژمارەیان زۆر نەبوو باریشیان پێ نەبوو ولاخی زیادەشیان لا بوو دیار بوو لەو سەرەوە باریان دەهێنا كەوتینە گفت و گۆلەگەڵیاندا تا بزانین ئەمان بەن لەگەڵ خۆیاندا یان نا. ئێمە نیازمان بوو لەو سەرەوە چۆن هاتبوین لەم سەری شەوە هەروا بڕۆینەوە. ووتیان كاكە بەپێ دەرناچن لەگەڵماندا ئێمە بارمان لانییە خێرا دەڕۆین و مەحتەل نابین دەبێ ولاخ بەكرێ بگرن . دەی باشە ئەی كرێی ولاخ بەچەندە وتیان نەفەری بە چل دینارە. ئێمەش هەمووی (45)چل و پێنج دینارمان پێ مابوو . كاكە دایكتان چاك باوكتان چاك بەخوا پارەمان لانەماوە

لای کەس و کارمان بوین لە ناوزەنگ هەرچی پێمان بووە داومانە بەوان . زۆر کێشەو بەرەمان لەگەڵدا کردن تا ڕازی بون. وتمان ئێوە خۆ هەر دەڕۆن بۆ بەبەتاڵی ئەڕۆن چیمان پێیە ئەتان دەینێ. ئەوانیش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە لەوە زیاترمان پێ نەماوە ووتمان وەرن بمان گەڕێن چل دینارەکەیان لێ وەرگرتین و پێنج دیناریش لای خۆمان مایەوە سەرو ولاخیان تەسلیم بە من و ڕۆستەم کرد حەمە شکورو شەماڵیشیان لە پاشکۆی خۆیانەوە سوار کرد , هێسترەکان کورتانی عەجەمییان پێوە بوو کە بۆ سوار بوونی یەك کەس دروست کراوە وەك (زین) . من کاتێ شەماڵ و حەمە شوکرم بینی کە لە دوای ولاخ دارەکانەوە سوار بون ئینجا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە جارێ منداڵین و ماومانە قسەکانی کاك ئاسۆم وەبیرهاتەوە کەپێی دەوتین جارێ منداڵن و ماوتانە لە دڵی خۆمدا دەموت ناهەقی ناگرم کەوەری نەگرتین لە نیوەشەوێکی درەنگدا گەیشتینە گوندێکی نزیك قەلادزێلەو گوندە کاروان چیەکان لایان داو ئیسراحەت و سەرخەوێکمان کرد تا بەیانی ڕۆژ بۆوە گوندەکەش گوندی کۆشکەڵە بوو بەیانیەکەی زوو بەپێی هاتین بۆ ناو شارۆچکەی قەلادزێ چونکە گوندەکە زۆر نزیك بوو لە قەلادزێ وە هەر چۆنێ بوو ئەو جارەش بانەڕاحەتی و دەردی سەری گەیشتینەوە ماڵەوە. ئێمە پێش ئەوەی ئەو سەفەرە بکەین لای هەندێ کەس وا دیعایەمان بۆ خۆمان کردبوو کە دەچین بۆ کەرکوك بۆ ئیش کردن, هەرچیش کە دەیپرسی ئەوە ماوەیەکە دیار نین لە کوێ بون دەمانووت لە کەرکوك بووین بۆ کرێکاری چووبوین تەنها کەس وکارو هەندێ هاوڕێی نزیکمان دەی زانی کە لە کوێ بووین و بۆ کوێ چوین. هەڤاڵینە .... خۆشەویستان بەلام ئێمە هەر کۆڵمان نەداو سوور بوین لەسەر مەبدەئو بیرو باوەڕی خۆمان . هەر دوای گەڕانەوەمان تێکەلاوی کاری ڕێکخراوەیی بوین ناو بەناویش لەدوای یەك هەریەکەمان لە کەناڵێکەوە بوینە پ.م. ڕۆستەم ساڵی 1982 بوو بە پێشمەرگە ساڵی 1983ش بەداخەوە لە بەرگریەکی قارەمانانەدا لە گوندی قەرەچەتان شەهید بوو (پ.م) ی تیپی 23 سورداش بوو حەمە شوکریش لەناوەڕاستی هەشتاکاندا بووە پ.م لە تیپی 23ی سورداش بەداخەوە ئەویش ساڵی 1988 لەگەڵ خاڵە سەربەستە بچکۆلی برایدا بەر شالاوی بەدناوی ئەنفال کەوتن کە هەردوکیان (پ.م) ی تیپی 23ی سورداش بون شەماڵیش هەر ماوەیەك دوای گەڕانەوەمان لە ناوەندی شۆڕش گێران بووەپ.م. بەندەش ساڵی 1983 لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان بوومە پ.م لە هاوینی 1985 وە تاکو مانگی دووی 1989 لە تیپی مەڵبەندی دوو بووم ساڵی 1989 ماوەیەك تەنها بەجەستە لە شۆڕش دابڕاوم . لە ڕاپەڕینیشەوە هەتا دوای پرۆسەی ئازادی عێراق هەر لەسەنگەری پێشمەرگایەتی دابووم ئێستاش هەر خۆم بە خزمەتکاری گەل و کوردستانەکەم دەزانم .